**Fjölmenningardeild**
**Vinnumálastofnunar**
Multicultural Information Centre

**2025**

**Kurdish (Sorani)**



# لیستی پێداویستییەکانی سەرەتای ئیقامە وەرگرتن

## Checklist: First steps after being given refugee status

### زانیاری بۆ ئەوکەسانەی کە تازەکی مافی مانەوەیان وەرگرتووە وەک پەنابەر لە ڵاتی ئایسلاندا

Information for people who have just been granted the status of Refugees in Iceland

# لیستی پێداویستییەکانی سەرەتای ئیقامە وەرگرتن

-  **ناوت لەسەر سندوقی پۆستەکەت بنوسە** بۆ ئەوەی ئاگادارییەکانت لە دەزگای پەنابەرانەوە بە دەست بگات
-  **وێنەی فۆتۆگرافیی بۆ سەر کارتی ئیقامە** :
  - o وێنەگرتن لە بەڕیوەبەرێتی کۆچ و پەنابەران دەبێت، یان لە قایمقام بۆ شوێنە دوورەکان sýslumaður
    - دەزگای کۆچ و پەنابەران کورتە نامەیەکت بۆ دەنێرێت SMS بۆ کاتی وەرگرتنەوەی کارتی ئیقامە.
-  لە دووای وەرگرتنی کارتی ئیقامە **ژمارە بانقێک،حسابێک،** بۆ خۆت بکەرەوە.
-  داوای **پێناسی ئەلەکترۆنیی** بکە لە سایتی https://www.skilriki.is/ - https://www.audkenni.is/
-  داوای **هاوکارییە داراییە بنەڕەتییەکان** بکە لە بەشی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان
-  داوا پێشکەش بکە بۆ وەرگرتنی **بەڵگەنامەی گەشتکردنی پەنابەران**

بۆ ئەو کەسانەی پاسپۆرتی وڵاتی خۆیان نیە،ناتوانن پیشانی بدەن، داوایەک پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی کارتی بەڵگەنامەی سەفەر/گەشتکردن. هەبوونی بەڵگەنامەی سەفەر کارێکی گرنگە چونکە هاوتای پێناس و پاسپۆرتە و پێویستە بۆ کاتی داواکردنی پێناسی ئەلەکترۆنیی

-  **چاوپێککەوتن لەگەڵ ڕاوێژکاری کارو باری کۆمەڵایەتییدا**

دەتوانیت داوا پێشکەش بکەیت بۆ هاوکاریی داراییِ تایبەت بە نیشتەجێ بوون و منداڵ و لایەنی تر. کاتێک دیاری بکە لەگەڵ ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتیی لە بنکەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییەکان یان شارەوانی شوێنی نیشتەجێت

زانیاری زیاتر لەسەر شارەوانییەکان و نوسینگەکانیان : https://www.samband.is/sveitarfelogin/

-  کاتێک دیاری بکە لەگەڵ ڕاوێژکاری دەزگای کار بە مەبەستی :
  - o هاریکاریی لە دۆزینەوەی کار و چالاکیی تردا
  - o تۆمارکردن لە خولی فێربوونی زمانی ئایسلاندیی و ناسینی کۆمەڵگا
  - o ڕێنمایی لە بواری فێربوون و چوونە سەر کار

# لیستی تایبەت بە نیشتەجێ

- **گەڕان بە شوێن ماڵدا** بۆ نیشتەجێ بوون

مۆڵەتی مانەوە هەیە لەو جێیەی تەرخانکراوە بۆ ئەوانەی داوای مافی پەنابەریان کردووە هەتا دوو هەفتە لە وەرگرتنی پەنابەرییەوە ، بۆیە پێویستە گەڕان بۆ شوێنی نیشتەجێ لەکارە پێشترییەکان/أولویة بێت .

- **پێشکەشکردنی داوای یارمەتی کرێخانوو**

o https://www.husbot.is و https://hms.is/husnaedisbaetur/housing-benefit/

- **پێشکەشکردنی داوای هاوکاریی کرێ خانوو لەگەڵ کەل و پەلی ناوماڵ لە بنکەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایتییەکان بە مەبەستی :**
  - o پێدانی قەرزی پێشینەی کرێخانوو
  - o هاوکاریی کڕینی کەل و پەلە پێداویستیە سەرەکییەکانی ناوماڵ
  - o پشتیوانیی تایبەت بە کرێنشین. مانگانەیەکی تایبەتە بیجگە لە یارمەتی کرێ خانوو بە مەبەستی پشتیوانی لە کرێی نیشتەجێبوون
- پشتیوانیی کرێی مانگی یەکەم، چونکە یارمەتییەکانی کرێنشینی لە کۆتایی مانگدا سەرف دەکرێن

## ئەو هاوکارییانەی تر کە دەکرێت داوابکرێن لە لای بنکەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایتییەکان

- **پشتیوانی خوێندن** بۆ ئەوکەسانەی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەییان تەواونەکردووە
- هاوکاری ، **بەشداربوون ، لە تێچووی پشکنینی پزیشکی بنکەی پارێزگاریی لە نەخۆشییە درمییەکان**
- **پشتیوانیی پزیشکی ددان**
- **هاوکاریی تایبەتمەند** هەروەک لای پزیشکی پسپۆڕ ، **تایبەتمەندی کار و باری کۆمەڵایەتی** ، دکتۆری دەرون و
- **شارەزای دەروونناس** .
- تێبینی، بە مەرجی هەڵسەنگاندنی داواکان و ڕەچاوی یاسا و ڕێساکان لەگەڵ پابەندبوون بە بڕیاری لیژنەکان .

# لیستی تایبەت بە منداڵ

- دایکان/باوکان، بۆ ئەوەی بتوانن منداڵەکانیان تۆمار بکەن لە قوتابخانە، لە ژەمە خواردنی گەرم و سەنتەرەکانی کاتبەسەربردن و چالاکییەکانی تر، **پێویستیان بە خۆ تۆمارکردنە لە سیستەمی کۆمپیوتەریی ئەو جێگایانە**. بۆ نمونە Rafræn Reykjavík، ڕەیکیانێسەکەم ، لاپەڕەکانم لە پێگەی Hafnarfjarðarbær و هتد
- جێبەجێکردنی پشکنینی پزیشکی **لە بەشی پارێزگاری لە نەخۆشییە درمییەکان** (یەکەم پشکنینی پزیشکیی) ، وەک داواکراوێکی سەرەکی بەخشینی ئیقامە و ڕێخۆشکردن بۆ دەستپێکردنی منداڵ لە خوێندن و فێربوون
- **داواکاری دەرماڵەی منداڵ لە بنکەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان:**

o پشتیوانی دارایی منداڵ هاوتا لەگەڵ دەرماڵەی منداڵ تا ئەوکاتەی ئەو دەرماڵەیە دەدرێت بە منداڵ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باج و داهاتی میرییەوە

o یارمەتی تایبەت بە منداڵ وەک پارەی باخچەی منداڵان ، پارەی ژەمە خواردنی قوتابخانە، پارەی بەشداربوون لە چالاکییە وەرزشیی و هونەرییەکان بۆ کات بەسەربردن

- **داوای پارەی منداڵ دایکایەتی / باوکایەتی لە لای دەزگای بیمەی حکومي Tryggingastofnun**

  o داوای هاوکاری ماددی بێوە ژنانە / بێوە پیاوانە بە هۆکاری مردن و تەڵاق دران

  o لێرەوە داوا بکە : Tryggingastofnun https://minarsidur.tr.is/min-sida

  o فۆرمەکان لێرەدان : https://www.tr.is/tryggingastofnun/umsoknir

  o زانیارییەکان لەسەر Tryggingarstofnun دەزگای بیمەی حکومي بە زمانی ئینگلیزی : https://www.tr.is/en